فەرهەنگی سیاسی

ئازادی (liberty)

ئـەم زاراوەیـە هـاو واتـای چـەمکی لیبێرتـەی(liberte) فەرەنـسەیەو، سەرچاوە لاتینیەکـەی (libertas)، کـە بـە واتـای نـەبوونی کـۆت و بەنـدو زۆرە.

"ئـازادی" رەوش وهەلزمەرجێکـە کـە مـرۆڤ لـەو رەوشـەدا، هەسـت بـە قورسایی دەسەڵات ناکاو هیچ دەسـەڵاتێك ناتوانـێ بەربەسـت بـێ لەبـەردەم جموجۆڵی زاتی و سروشتی مرۆڤەکاندا.

چەمکی ئازادی لەزمانی فارسیدا لـە وشـەی پەهلـەوی(ئـازات) بـە مانـای سەربەست ،رەسەن و جوامێر وەرگیراوە. لە بـواری کۆمەڵایەتیـەوە، ئـازادی چەندین جۆری جیـاوازی هەیـە، ئـازادی سیاسـی، ئـازادی ئـابووری، ئـازادی کلتوری و...هتدو، هەروەها لایـەنی جۆراوجـۆری هەیـە. ئـازادی رادەربـڕین، ئازادی نوسین، ئـازادی کـاروکردەوەو...هتـد.ئـازادی ،ئـازادی هـزر، ئـازادی بیروباوەڕو نەترسان لە دەربڕینی ئەم ئازادییانە لە کۆمەڵگادا لە خۆ دەگـرێ و، بە یەکێك لە بنەماکانی دێموکراسی دەژمێردرێ.

ئازادییە چوار کوچکەکان (four freedoms)

لە مێژووی هاوچەرخی ئـەمریکادا، رابـردووی ئـەم زاراوەیـە بـۆ شەشـەمی کـانوونی سـاڵی (١٩٤١) دەگەڕێتـەوە کـە (فـرانکلین رۆزڤـەڵت)،سـەرۆکی کۆماری ئەو کاتی ئەمەریکا لەو رۆژەدا لە وتارێك بـۆ کۆنگرێـسی ئەمـەریکا، بنەماکانی ئەم ئازادییەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەربڕی:

ئازادی قسەو رادەربڕین.
رزگاربوون لە دەستەندەخواری(پێویستی).
رزگاربوون لەترس.
ئازادی خواپەرستی.

ئازادییە تاکە کەسییەکان(individual liberties)

ئازادییە تاکە کەسییەکان بریتین لەو مافانەی کە لە لایـەن دەوڵەتەکانـەوە بەتاکەکان دراون و مسۆگەر کراون، وەك ئازادی چاپەمەنی، ئەنجومەنەکان ، بازرگانی، ئایین، نیشتەجێبوون و کاروکاسبی، بە گشتی دەسـتوری وڵاتـان، ئەو مافانە مسۆگەر دەکەن.

ئەم گیانلەبەرانە واناسراون

ئاسـك : نیـشانەی ئـازایی و بـێ گوناحی.
ئەسـپ: نیـشانەی ئـازایی و هۆشیاری و نەجیبی.
بـاز: نیـشانەی پـەلامارو فەرمانڕاوەیی.
پەڕەسـێلکە : نیـشانەی بـەهارو خۆشی.
پەپولـە: نیـشانەی شـەیدایی و دڵداری.
پـشیلە: نیـشانەی کاسەلێـسی و بێ وەفایی.
پەپووسێمانە: نیشانەی مـوژدەو هەواڵ.
تـووتی : نیـشانەی لاسـایی و بـێ بیری.
تاووس : نیشانەی جوانی.

پارەی وڵاتـانی جیهان

- ئەرجەنتین بیزۆ.
- ئەلبانیا لەك.
- ئەلمانیا مارکی ئەڵمانی.
- ئەمەریکا دۆلار.
- ئەندونیسیا روپیە.
- ئوردن دیناری ئوردنی.
- ئەسکۆتلەند لیرە.
- ئەفریقیای خواروو راند.
- ئـەفریقیای ناوەنـدی ئەفغانی.
- ئەفغانستان ئەفغانی.

فەرهەنگ

ئاپۆ: ئاپ، بـۆ بـانگ کردنـی مـام بەکاردێت.
ئـاران: بنکـەی ژیـانی کۆچەران،گەرمەسێر،(هەموو چـونە هـەواران، ئێمـە مـاوین لـەئاران). ئەزیەت و ئێش.
ئاردواوێژ: ئەو شوێنەی ئـاردی لـە لێواری بەرداشەوە تێ دەرژێ.
ئارژنگ:دارێکی سور پێستە وەك بڵاڵـوك کـە گۆچـانی لـێ دروسـت دەکەن.
ئاریان: دڵ تێکچون و هەڵشیوان لـە خواردنـەوە.کـوان و زیپکـە لـە لەش هاتن.
ئـارێز: کـەلێکی بەناوبانگـە لـە نێوان سنەومەریوان.
ئـاژار:بـەهرەو دەرامـەتی زەوی. حاصلاتی زەوی وزار.
ئـاژان: پـۆلیس، قۆڵـچی، شـاگرد دارۆغە.
ئاسـرمە: باریکـە چـەرمێکە لـە کورتاندا کە دەکەوێتـە سـەر کلکـی باربەر.
ئاسیدە: هەڵوایەکە لە ئـاردو رۆن و دۆشاو.
ئاشـپەز: شـیوکەر،چێـشت کـەر، چێشت لێنەر.
ئاغڵەب: زۆربە، زۆر جاران.
ئاگری بن کا: ئاژاوەچـی،بنـەمای شەڕوکێشە،سەرکزوڵەی بەدفەڕ.

فیستیڤاڵە گرنگەکانی سینەمای جیهانی

لـە سـاڵی ١٩٣٢لـە سـەدەی فـەرمانڕەوایی مۆسـۆلینی ئیتاڵیـادا بـۆ یەکـەمجار کۆبوونەوەیـەکی هونـەری سـینەمایی لەشـاری (ڤینیـسیا)پێکهـات. دوای شـەڕی دووەمـی جیهـانیش ڤیـستیڤاڵێکی گەورە لە شاری (کان)ی فەرەنسادا رێکخرا.. ئەم ڤیستیڤاڵە گەورەترین کۆبوونەوەی سینەماییە و لـە لایـەن دنیای هونەرییەوە رێزی لێدەگیرێ و بڕیارەکـان دەربـارەی ئـەو فیلمانەی کە لەوێ پیشان دەدرێن جێگەی پەسەندیی هـەموو لایەکـە. ئەمـەش نـاوی چـەند ڤیـستیڤاڵی ناسراوی جیهانن:

ڤیـستیڤاڵی کـان : لـە فەرەنـسا ئەنجام دەدرێ.
ڤیستیڤاڵی سنەمایی ڤینیسیا: لـە ئیتاڵیا ئەنجام دەدرێت.
ڤیستیڤاڵی سان سپاستیال : لـە ئیسپانیا رێکدەخرێت.
ڤیستیڤاڵی سان فرانسیسکۆ: لـە کالیفۆرنیـای ئەمـەریکادا رێکدەخرێت.
ڤیستیڤاڵی مونتریال : لـە وڵاتـی کەنەدا رێکدەخرێت.

خەڵاتی ئۆسکار

ئـەم خەڵاتـە لەلایـەن ئـەکادیمی زانیـاری و دروسـتکردنی سینەماوە لە ساڵی (١٩٢٧)دا بە هونەرمەندانی سـینەما دراوە. لـە پێـشدا نـاوی ئۆسـکار نـەبوو، بـەڵکو هـەر پەیکەرێکی فلزی ئاوزێڕ کراوبوو لـە لایـەن گیبونـەری هونەرمەنـدەوە دارێژرابوو..بەڵام بـە رێکـەوت نـاوی ئۆسـکاری بەسـەردا بـڕا کـە بـەم شـێوەیە بـوو: ژنێکـی سـکرتێری ئەکادیمیای سینەما کـە پەیکەرەکـە دەبینێ لەبەر خۆیـەوە دەڵـێ" مـام ئۆسـکارم کەوتـەوەبیر" هـەر لـەو ژوورەدا رۆژنامەنوسـێك گـوێ لـەو قـسەیە دەبێـت و سـبەینێ نـاوی (ئۆسـکار) لـە رۆژنامەکـەی خۆیـدا چـاپ دەکـات و ئـیتر ناوەکـەی بڵاوبۆوە.

پەیکەرەکـە درێـژی دە ئینجـە وسەنگی حەوت پاوەندەو لـە برۆنـز دروسـتکراوەو بـە زێـڕ رووکـەش کراوە، نرخێکی ئاسایی هەیە، بەڵام لـە رووی مەعنەوییـەوە نرخێکـی گـەورەو جیهـانی هەیـە.سـاڵانە (٢٦)دانـە لـەو پەیکـەرە بەسـەر بیست و شەش هونەرمەندی لێهاتوو دابـەش دەکرێـت. یەکـەمین کەسەکانیش کە بوونە خاوەنی ئـەم خەڵاتە لە سـاڵی (١٩٢٧)بریتیبـوون لە:

چـاکترین فـیلم : باڵـەکان – کارگەی پارامونت.
ئەکتەر : ئەمیل یانیکس لە فیلمی جادەی پڕ بەرەکەت.
ئەکترێس: جانێت گینۆر لە فیلمی ئاسمانی حەوتەمدا.
دەرهێنـەر : ك فرانـك بـورزاخ – فیلمی ئاسمانی حەوتەم.

دڵدارە نـاودارەکانی مێژوو

ئـەدواردی هەشـتەم – مـادام سیمپسۆن.
ئەلوار – هلوئیر.
ئەمیر ئەرسەلان – فەروخ لیقا.
بێژەن – مەنیجە.
جەمیل – بوسینە.
رۆمیۆ – جولێت.
قەیس – لوبنا.
شیرن – فەرهاد.
کیلۆ پاترە– ئەنتۆنیۆ.
لەیلا– مەجنون(قەیس).
مۆسۆلینی– کلارا پیتاچی.
وەلی دێوانە – شەم.
مەم – زین.
هیتلەر– ئیڤابراون.
یوسف – زولیخا.
مارگرێت – تاوزەند.
ناپلیۆن– جۆزفین.
وەیس – رامین.
لێدی هاملتۆن – لۆرد نیلسۆن.
سلێمان – بەلقیس.
نەفرتیتی – ئەخناتوون.
رابیعە – بەکتاش.

بـانگەواز

ژیانی رۆژانەی پێشمەرگایەتی، بە تایبەت لە رۆژانـی سـەختی پێـشمەرگایەتیدا سـەرەڕای ئـەوەی چـەندین سـەختی و ناخۆشـی لێدەکەوتـەوە،وەك دووانەیـەکیش دەیـان بەسـەرهاتی تـەنز ئـامێزی لەگەڵدا لـەدایك دەبـوون، لێـرە بەدواوە لـە هـەموو ژمارەکـانی داهاتوو بەسەرهاتێك یان زیاتر لـە رووداوێکـی تـەنزئامێزی پێشمەرگە دێرینەکانی سنوری باڵەکایـەتی بـەناوی خـۆی یـان بەهـەر ناوێکـەوە کـە خـۆی ئـارەزووی بکـات، بـە سوپاسـەوە بڵاودەکەینـەوە، بۆیـە لـە ئێـستاوە چـاوەڕێی بەسـەر هـاتوو نوکتـەو رووداوەکانتانین، بەم کارەتـان هـەم رووداوەکـە لـە فـەوتان دەپـارێزرێ و هـەم دڵـی هەموولایەکیش شاددەکەن.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com